**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٣٥٦/٤/٩ لە ٢٠١٧/٩/٨**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

## دارشتنەوە و ڕێکخستنەوەی پەیکەری یەکەی ژمێریاریەکان

**پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە(٢٨٨٨) لە ٢٠١٧/٦/٢٢ و لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازی و نوێکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی زۆری یەکەی ژمێریاری لە کارگێریە گشتیەکان و زیادبوونی ژمارەی ئەو یەکە ژمێریاریانە بە بەردەوامی وای کردووە زیاتر پشت بەشێوازی خەرج کردنی سیستەمی نامەڵبەندی ببەسترێت ، پێویست دەکات پێداچوونەوە و دیراسەتی ئەو یەکە ژمێریاریانە بکرێت بۆ مەبەستی بەرەوپێش بردنی کەرتی گشتی و دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری ئەو یەکە ژمێریاریانە بەپێی پێوەری نوێ و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێم .**

**پێویست دەکات ئەو یەکە ژمێریاریانە لە لایەن ژمێریاری کارامە و ڕاهێنراو بەڕێوەببرێت بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمی ژمێریاری نوێ لە سەر بنەمای تۆمارکردنی دووانەیی (القيد المزدوج) .**

**لە کاتێك وەزارەتی دارایی و ئابووری لە سەر ئەوەیە کە پشت ببەستێت بە سیستەمێکی مەڵبەندی لە پارەدان هاوسەنگی دەکات لە نێوان نەختینەیی هەبووە و خەرجی یە لە پێشترینەکانی (أولوية) حکومەتی هەرێم .**

**لە کاتێکدا کە کردارەکان بە ئەلکترۆنی دەکرێت ، ئەمەش وا دەکات پەیوەندییەکانی پرۆسەی کارکردن بۆ خەرجی و پێدانی پارە خێراتر بکات .**

**بۆ ئەم مەبەستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی :-**

**١- دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

**أ- هەر دامەزراوەیەك یان دەستەیەك سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم یان پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران بێت تەنها یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .**

**ب- هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە هەر وەزارەتێك یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت لە هەر پارێزگایەك .**

**ج- هەر پارێزگایەك یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .**

**د- هەر سەرۆکایەتیەکی زانکۆ یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .**

**ه- هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تەندروستی یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .**

٢- پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان لە هەر وەزارەتێك و دام و دەزگایەکی نەبەستراو بە وەزارەت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری ژمێریاری و ئەندامێتی ( ژمێریارێك و وردبینێك یان بەڕێوەبەری کارگێری و خۆیەتی ) بەپێی هەبوونی ئەو پسپۆڕیانە ، بۆ مەبەستی یارمەتیدان و پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامادەکردنی بژاردەکان بۆ بڕیاردان لە لایەن لیژنەی باڵای دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان کە لە خاڵی (٣) دا هاتووە .

٣- لیژنەی باڵای دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری کە سەرۆکێك و (٤) ئەندامی پسپۆرن بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی دارشتنەوەی پەیکەری رێکخراوەیی یەکە ژمێریاریەکان بە رەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە لیژنەی باڵا دەسەڵاتی چاو پێخشاندنەوە و هەڵاوێرکردنی هەبوونی یەکەی ژمێریاری هەیە بە لە بەر چاوگرتنی هۆکارەکانی (سروشتی کار ، قەبارەی کار ، شوێنی جوگرافی ) لە کاتی پێویستدا .

٤- بۆ هەر روونکردنەوەیەکی پێویست پرسیارەکانتان ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی هاتوو لە خاڵی (٣)ی سەرەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بکرێت .

٥- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**رابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوەکالەت**